



***له میانی یارییەکانی پاڵەوانیتی یانەکانی ئاسیا ڕۆژی چوارشەممە یانەی هەولێر دەبێتە میوانی یانەی قادسیەی کوێتی، یانــەی هەولێر دوای ئەوەی لە یاری یەکەم بە رامبەر یانەی غەرافەی قەتەری یەکســان بوون بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ دوای ئەوەی یانەی هەولێر لەم یارییە ئاستێکی یەکجار بەرزی نیشاندا کە بووە جێگای دەستخۆشی چاودێرانی وەرزشی و لەم یاریەیدا یانــەی هەولێر هەوڵی بردنەوە دەدات، لە لایەکی ترەوە یانەی قادســیەی کوێتــی یەکێکە لە یانە هەرە بەهێزەکانی کوێت و توانی لە یاری یەکەم ئەنجامێکی یەکجار باش بە دەســت بێنێت دوای ئەوەی لە دەرەوەی یاریگای خۆی بە ئەنجامی (١-٠)گۆڵ لە یانەی باختاکۆری ئۆزبەکســتانی بردەوە، هەروەها نوێنەری دووەمی عێراق لــەم پاڵەوانیەتیە یانەی قوە جەویە میوانداری یانەی کوێت کوێتی دەکات، یانەی قوە جەویە لە یاری یەکەم و لە دەرەوەی یاریگای خۆی توانی ســێ خاڵی یەکجار گرنگ بە دەســت بێنێت دوای ئەوەی توانی لە یانەی (الوصل)ی ئیماراتی بە ئەنجامی (١-١) بردەوە بۆیە لەم یارییە هەوڵ دەدا هەر لە پێشەنگی کۆمەڵەی خۆی بمینێتەوە، یانەی کوێت کوێتی لە یاری یەکەم و لە نێو یاریگای خۆی دوو خاڵی یەکجار گرنگی لە دەســتدا بۆیە لەم یارییە هەوڵی بردنەوە دەدا، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە و لەگەڵ ڕێزبەندی کۆمەڵەکانە.***

# لە میانی یارییەکانی خولی پاڵەوانانی ئاسیا
# یانەی هەولێر دەبێتە میوانی یانەی قادسیەی کوێتی

**● کۆمەڵەی یەکەم**

سیبهان ئەسفهان ئێران – ئیتحاد سوریا ٠-٢ گۆڵ
ئیتحاد سعودیە – کۆرۆڤتچی ئۆزبەکستان ١-٠ گۆڵ

**یارییەکانی ڕۆژی چوارشەممە**

کۆرۆڤتچی ئۆزبەکستان – سیبهان ئەسفهان ئێرانی کاتژمێر ٤ بە کاتی کوردستان

ئیتحاد سوریا – ئیتحاد سعودیە کاتژمێر (٧)

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی یەکەم**

١- ئیتحاد سوریا ٣ خاڵ
٢- ئیتحاد سعودیە ٣ خاڵ
٣- کۆرۆڤتچی ئۆزبەکستان سفر خاڵ
٤- سیبهان ئەسفهان ئێران سفر خاڵ

**● کۆمەڵەی دووەم**

الوصل ئیمارات – قوە جەویە عێراق ٠-١ گۆڵ
کوێت کوێتی – سایبا ئێران ١-١ گۆڵ

**یارییەکانی ڕۆژی چوارشەممە**

قــوە جەویە عێراق – کوێت کوێتی کاتژمێر ٧,٤٥ بە کاتی کوردستان

ســایبا ئێران – الوصل ئیمارات کاتژمێر ٢,٣٠ بە کاتی کوردستان

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی دووەم**

١- قوە جەویە عێراق ٣ خاڵ
٢- کوێت کوێتی ١ خاڵ
٣- سایبا ئێران ١ خاڵ
٤- الوصل ئیماراتی سفر خاڵ

**● کۆمەڵەی سێیەم**

سد قەتەری - ئەهلی سعودی ٢-١ گۆڵ
کەرامە سوریا – وحدە ئیمارات ٤-١ گۆڵ

**یارییەکانی ڕۆژی چوارشەممە**

وحــدە ئیمارات – ســد قەتەری کاتژمێــر ٧ بە کاتی کوردستان

ئەهلی ســعودیە – کەرامە سوریا کاتژمێر ٨,٣٥ بە کاتی کوردستان

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی سێیەم**

١- کەرامە سوریا ٣ خاڵ
٢- سد قەتەری ٣ خاڵ
٣- ئەهلی سعودیە سفر خاڵ
٤- وحدە ئیمارات سفر خاڵ

**● کۆمەڵەی چوارەم**

هەولێر عێراق – غەرافە قەتەر ١-١ گۆڵ
باختاکۆر ئۆزبەکستان – قادسیە کوێت ٠-١ گۆڵ

**یارییەکانی ڕۆژی چوارشەممە**

قادســیە کوێت – هەولێر عێراق کاتژمێر ٦,٣٠ بە کاتی کوردستان

غەرافە قەتەر – باختاکۆر ئۆزبەکســتان کاتژمێر ٦,٤٥ بە کاتی کوردستان

**ڕیزبەندی کۆمەڵەی چوارەم**


١- قادسیە کوێت ٣ خاڵ
٢- هەولێر عێراق ١ خاڵ
٣- غەرافە قەتەر ١ خاڵ
٤- باختاکۆر ئۆزبەکستان سفر خاڵ





ئا: ڕێبین ڕەمزی

# لە بووکی یارییەکان
# سۆپۆلیڤا ریکۆردێکی نوێ تۆمار دەکات







کچە پاڵەوانی رووسی ئیلینا سۆپۆلیڤا لە یاری گۆڕەپان و مەیدان توانی ریکۆردێکی نوێ تۆمار بکات لە راکردنی (١٥٠٠) مەتر لە هۆڵی داخراو ئەویش لە میانی رۆژی کۆتایی یارییەکانی پاڵەوانیەتی جیهان کە لە شاری ڤالانسیای ئیسپانی ئەنجامدرا، سۆپۆلیڤا توانی ماوەکە بە (٣،٥٧،٧١) دەقیقە ببڕێ و هەروەها یۆلیا کۆفتۆ بە پلەی دووەم هات، لە لایەکی دیکەوە کچە یاریزانی رووسی ئۆلیساسکینا توانی باشترین ژمارە لەم ساڵە تۆمار بکات لە راکردنی (٤٠٠) مەتر کە ماوەکەی بە (٥١،٩٠) چرکە بڕی و ناتالیا نازارۆڤا بە پلەی دووەم هات لە لایەکی دیکەوە کچە پاڵەوانی ئۆکرانی بڵانکا بلاڤیچ توانی پلەی یەکەم لە خۆهەڵدانی بەرزی ئافرەتان بە دەست بهێنێ دوای ئەوەی خۆی لە بەرزایی (٢،٣) مەتر هەڵداو و کچە یاریزانی رووسی ئیلینا سڤیزالینکۆ بە پلەی دووەم هات.

## یاریزانی بەنازی ریال مەدرید گۆڵی (٢٠٠)ی تۆمارکرد

ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یاریزانی بەنازی یانەی ریال مەدرید راوول گۆنزالێس هەفتەی رابردوو توانی گۆڵی (٢٠٠) لە رێزی یانەی ریال مەدرید تۆمار بکات ئەویش لە دژی یانەی ئیسپانیۆل لە خولی یانە پلە یەکەکانی ئیسپانیا، راوول یەکێکە لەو یاریزانانەی کە لەو یانەیە گەورە بووە بگرە لە تازەپێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووانی یانەی ریال مەدریدە و تا ئێستاش یاری دەکات و بە یاریزانی بەنازی یانەی ریال مەدرید ناوزەند کراوە، کالدیرۆنی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید چەند جارێك تەئکیدی لەوەکردۆتەوە کە کەس مافی ئەوەی نییە قسەیەکی رەق لەگەڵ ئەو یاریزانە بکات.



## میسی بەم زووانە ناگەڕێتەوە

سەرچاوەیەك لە یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند کە پێکانی ئەستێرەی بەناوبانگی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی زۆر توندە و ماوەیەکی زۆری دەوێ کە چاکبێتەوە و بگەرێتەوە یاریگا و سەرچاوەکە زیاتر گوتی میسی بەشداری یارییەکانی خولی پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپا ناکات لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە، جێگەی باسە لە وەرزی ئەمساڵ ئەمە دووەمین جارە میسی تووشی پێکان دەبێت و لە یاریگا دوور دەکەوێتەوە، پێویستە میسی پەلە نەکات لە گەڕانەوە بۆ نێو یاریگا تا بە تەواوی باری تەندروستی باش دەبێت ئەوەش ماوە بڵێین لەو کات و ساتەدا بەرشلۆنە پێویستییەکی زۆری بە میسی هەیە و هیچ یاریزانێکی یەدەگی وای نییە کە شوێنی پڕ بکاتەوە.



# سەرژمێرییەک لە قۆناغی یەکەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە تۆپی پێی





***لـــە ڕۆژی (١٩-٩-٢٠٠٧) پاڵەوانیەتـــی خولـــی یانە پلە نایابەکانی کوردســـتان لە تۆپی پێ دەســـتی پێکرد و ڕۆژی (٥-٣-٢٠٠٨) قۆناغی یەکەم تـــەواو بوو کە لە لایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردســـتان سەرپەرشتی دەکرا، ئێمەش وەکو فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان لەبەر گرنگی ئەو زانیارییانە بە پێویستمان زانی سەرژمێرییەکی خێرای قۆناغی یەکەم بەخەینە بەردەم خوێنەرانی گۆڤارەکەمان و ئەم سەرژمێرییە بە یارمەتی هاوکارمان وریا محەمەد ئەنجام دراوە.***

* لە قۆناغی یەکـــەم (١٢٠٠) یاری ئەنجامدرا و (٢٩١) گـــۆڵ تۆمار کرا بە ڕێژەی (٢،٥) گـــۆڵ بۆ هەر یارییەك و (١٨٥) گـــۆڵ لە کاتی یاری تۆمار کـــرا و (٦) گۆڵیش بە بڕیاری یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردســـتان بوو کە تیپەکان پابەندی ڕێنماییەکان نەبوون ئەویش لە یاری نێوان هەردوو یانەی ( پێشکەوتن — سیروانی نوێ ) و ( ئارارات — زاخۆ ) کە تیاییدا هەردوو یانەی پێشـــکەوتن و ئارارات بە ئەنجامی (٣-٠) گۆڵ بە براوە دانران.

* لە خولی (١٠) تا (١٥) یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە پلەی یەکەم و بروسك لە پلەی دووەم و کەرکووك لە پلەی سێیەم و هەولێر لە پلەی چوارەم بوون.

* لـــە کاتـــی زیادکـــراو (١٠) گۆڵ تۆمارکراوە و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی زیاتر ســـوودمەند بووە و توانی (٣) گۆڵ تۆمار بکات لە کاتی زیادکراو.

* یانەی بروسك پاڵەوانی یاری خاوێن بوو لە قۆناغی یەکەم.

* لە قۆناغی یەکـــەم (٦٠٨) کارتی زەرد و سوور هەبوو (٥٩٦) کارتی زەرد و (١٢) کارتی ســـوور بوو و بە ڕێژەی (٥) کارتی زەرد لە هەر یارییەك.

* لـــە خولەکانـــی (٤- ١٣- ١٥) کە دەوڵەمەندترین خول بوو لە تۆمار کردنی گۆڵ کە تیاییدا (٢٣) گۆڵ تۆمارکرا و هەژارترین خولیش خولی (١٠) بوو کە (١٢) گۆڵی لێ تۆمار کرا.

* یـــاری نێـــوان هەردوو یانـــەی هەولێر و پێشـــمەرگەی سلێمانی یەکەمین یاری بوو کە ڕاستەوخۆ لە کەناڵی ئاسمانی نەورۆز پەخشـــکرا و یانەی هەولێر یەکەمین شکستی بە یانەی پێشمەرگەی ســـلێمانی هێنا و بە ئەنجامی (٥-١) گۆڵ لێی بردەوە.

* هاتریك

- یاریزان نەوزاد شـــێرزاد لە یانەی هەولێر توانی (٣) گۆڵ لە یانەی هەڵۆ تۆمار بکات.
- یاریزان کارســـاز محەمەد لە یانەی ســـیروانی نوێ (٣) گۆڵی لە یانەی ئارارات تۆمار کرد.
- یاریـــزان ڕێبەر محەمەد لە یانـــەی زاخۆ (٣) گۆڵی لە یانەی ئاسۆ تۆمار کرد.

* سوپەر هاتریك

- یاریزان جاسم محەمەد سلێمان لە یانەی دهۆك توانی (٥) گۆڵ لە یانەی هەڵۆ تۆمار بکات کە بە یەکەم ســـوپەر هاتریك دەژمێردرێ.

* یانەی هەندرێـــن زۆرترین کارتی ســـووری وەرگرتـــووە کـــە دەکاتە (٣) سوور.

* یاریزان هەردی سیامەند لە یانەی بروســـك خاوەنـــی خێراتریـــن گۆڵە کە لـــە دەقەی یەکـــەم دژی یانەی هەولێر تۆماری کرد.

* گۆڵچـــی یانەی بروســـك غەفور عوســـمان لە (٧) یاری لەسەر یەکتری توانی بەرگری لە گۆڵی خۆی بکات کە هیچ گۆڵێکی لێ تۆمار نەکرا.



* بەهێزترین هێڵی بەرگری یانەی بروسك و ئەزمەرە كە تەنیا (١١) گۆڵیان لێ تۆمار كراوە.
* لاوازترین هێڵی بەرگری یانەی هەڵۆیە كە تا ئێستا (٣٩) گۆڵی تۆمار كراوە.
* بەهێزترین هێڵی هێرشبەر یانەی هەولێرە كە توانی (٣٠) گۆڵ تۆمار بكات و بە ڕێژەی (٢) گۆڵ لە هەر یارییەك.
* لاوازترین هێڵی هێرشبەر یانەی هەڵۆیە كە تەنیا (٨) گۆڵی تۆمار كردووە كە دەكاتە (٠،٥٣ گۆڵ لە هەر یارییەك.
* گۆڵكارانی قۆناغی یەكەم

١- یاریزان هۆشمەند جەلال لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی (١٠) گۆڵ

٢- هەردوو یاریزان یونس شوكر لە یانەی كەركووك و حەیدەر قارەمان لە یانەی هەولێر (٩) گۆڵ

٣- هەردوو یاریزان نەوزاد شێرزاد لە یانەی هەولێر و حوسین عەلی لە یانەی بروسك ( ٨)

لەو سەرژمێرییە بۆمان دەردەكەوێ كە یانەی بروسك زۆرترین باشترینەكان دەباتەوە لەوانە یاری پاك و خاوێنی و بەهێزترین هێڵی بەرگری و ریكۆردی پێوانی گۆڵچی و خێراترین گۆڵ، ئەمەی خوارەوەش ڕێزبەندی یانەكانی خولی پلە نایابەكانی كوردستانە دوای كۆتایی هاتنی قۆناغی یەكەم.

| | |
|---|---|
| ١- پێشمەرگەی سلێمانی | ٣٣ خاڵ |
| ٢- بروسك | ٣٣ خاڵ |
| ٣- كەركووك | ٣٠ خاڵ |
| ٤- هەولێر | ٢٧ خاڵ |
| ٥- دهۆك | ٢٢ خاڵ |
| ٦- ئەزمەر | ٢١ خاڵ |
| ٧- ئارارات | ٢٠ خاڵ |
| ٨- پیرس | ١٩ خاڵ |
| ٩- پێشمەرگەی هەولێر | ١٩ خاڵ |
| ١٠- سیروانی نوێ | ١٩ خاڵ |
| ١١- سلێمانی | ١٩ خاڵ |
| ١٢- پێشكەوتن | ١٨ خاڵ |
| ١٣- هەندرێن | ١٦ خاڵ |
| ١٤- ئاسۆ | ١٦ خاڵ |
| ١٥- زاخۆ | ٩ خاڵ |
| ١٦- هەڵۆ | ٤ خاڵ |





## ئۆلۆمپیادی چین و هەڕەشەی ئیسلامییەكان

ڕێكخراوەی مافی مرۆڤ رایگەیاند كە ماوەیەك بەر لە ئێستا بەرپرسانی وڵاتی چین رایانگەیاند كە ئیسلامییەكان هەڕەشەیەكی توندیان لە وڵاتی چین كردووە لە كاتی بەڕێوە چوونی یارییەكانی ئۆلۆمپیاد ئەمەش هەمووی قسەی پووچە و بڕوای پێ ناكەین و بە هەندمان وەرنەگرتووە، ئەمەو بەرپرسان لە ڕێكخراوی هیومان رایس فۆرچ نیگەرانی خۆیان نیشاندا بەرامبەر ئەم لێدوانانەی بەرپرسانی چین و تەئكیدیشان لەوە كردەوە كە بەرپرسانی چینی دەیانەوەی ئەم هەڕەشانە بكەنە بیانۆ بۆ ئەوەی ئیسلامیەكان سەر كۆنە بكەن و ئازاریان بدەن لە هەرێمی سیجان كە زۆرینەی ئیسلامن، ئەمەو بەرپرسانی ڕێكخراوەی هیومان رایس ئاماژەشیان بەوە كرد كە ئەو هەرێمە ماوەی (٦٠) ساڵە لە ژێر چاودێرییەكی توندی عەسكەرتاری وڵاتی چینە و چۆن دەتوانن كاری تیرۆرستی ئەنجام بدەن.



## دەبێ كاپێلۆ خەونەكی بێكهام بهێنێتە دی؟

ئەستێرەی بەناوبانگی ئینگلتەرە و یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاكسی ئەمریكی دیڤید بێكهام لە دیمانەیەكیدا تەئكیدی لەوە كردەوە ئێستا لە باشترین كاتیدایە بۆ گەرانەوەی بۆ ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەكەی و خەونەكەی بێتە دی و یاری ژمارە (١٠٠)مین ئەنجام بدات، راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ئیتاڵی فابیۆ كاپێلۆ سەبارەت بە گەڕانەوەی بێكهام گوتی دوور نییە ئەمجارەیان رازی بم لەسەر گەرانەوەی بێكهام بۆ ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەكەی كە لە (٢٦)ی ئەم مانگە لە یارییەكی دۆستانەدا رووبەڕووی هەڵبژاردەی فەرەنسا دەبێتەوە و گەر ناوی لە لیستی یاریزانەكان هەبوو دەبێ خۆی بسەلمێنێ كە شایستەی ئەوەیە بگەڕێتەوە نێو ئەستێرەكان جا دەبێ كاپێلۆ دڵی نەرم بێت خەونی بێكهام بهێنێتە دێ.

دیمانە: كارزان كانەبی